باوک

*

سبەی کە دەمریت ..

دوژمنەکانت بە دوامدا دەگەڕێن

کون بە کون

وەك ئاسکێکی شەل و کوێر .. راوم دەنێن

دەمگرن .. دەمکوژن .. دەمگروێنن ..!

*

ئاه .. باوکە ..

تۆ چی جێدێڵی ..؟

ئاسمانێکی بێ خۆر و مانگ و ئەستێرە

زستانێکی بێ باران

مردوویەکی بێ کێل و ناوونیشان

جیهانێك پڕ لە گرێ و گریان و گومان ..!

*

تۆ دەمریت و ..

جگە لە – ناوزڕان – میراتگری هیچ شتێك نیم

جگە لە قوتیلە و هەگبەی سواڵکەر ..

جگە لە کڵاوی کەچەڵا ..

میراتگری چیم ..

*

سبەی دەمریت ..

نـه پارەی کفن و جـاو ..

نـه نرخـی کێلێکـی شکـاو

من جگـه لـه لاشـەی داڕزیوی تۆ ..

جگـه لـه خـەمـی هـەرە گـەورەم ..

هـیچ شك نـابـەم ..!

1988 - هـەولێر